www.kurdistannet.org
20-5-2003 14:35

# چی له سه‌ر "سارس" ده‌زانین؟

سه‌رچاوه: بی بی سی
وه‌رگێڕان: حامید درودی

www.kurdistannet.org

نه‌خۆشییه‌کی به‌سامی سییه‌کان Severe Acute Respiratory Syndrome که به ''سارس'' ناسراوه، تاکوو ئێستا گیانی زیاتر له ٥٠٠ که‌سی له سه‌رانسه‌ری جیهاندا ئه‌ستاندووه و زیاتر له ٧٣ هه‌زار که‌سیش پێوه ده‌ناڵێنن.

ئه‌م نه‌خۆشیه کوشنده‌یه رێکخراوی له‌ش ساغی جیهانی مه‌جبوور کرد که ئاگاداریه‌ک بۆ دوکتۆر و ده‌وڵه‌ته‌کان بڵاو بکاته‌وه.

ئه‌وه‌ی له ژێره‌وه ده‌یخوێننه‌وه، زانیاری یه‌کی که تاکوو ئێستا له سه‌ر ئه‌م ڤایروسه زانراوه.

له سه‌ر په‌یدا بوونی ئه‌م نه‌خۆشیه چ ده‌زانین؟

یه‌که‌م جار هه‌واڵی تووش بوون به ڤایروسی سارس، دوای مردنی بازرگانێکی ئامریکایی له نێوه‌ڕاستی مانگی مارسی ئه‌مساڵ له نه‌خۆشخانه‌یه‌کی ''هونگ کونگ''دا بڵاو بووه‌وه. ئه‌م بازرگانه سه‌فه‌رێکی بۆ چین و ڤیه‌تنام کردبوو. دوای ئه‌م سه‌فه‌ره هێندێک له کارگێڕانی نه‌خۆشخانه‌ی ئه‌و وڵاتانه و هه‌روه‌ها کارگێڕانی هۆنگ کونگی تووشی ئه‌م نه‌خۆشیه بوون.

هه‌ر بۆیه گومانی ئه‌وه هه‌یه که سه‌ره‌تا ئه‌م ڤایروسه مانگی ئوت له پارێزگای''گوانگدانگ'' له باشووری وڵاتی چین دا، په‌یدا بووه و له مانگی نوڤامبه‌ریشدا به هۆی مسافره هه‌واییه‌کانه‌وه له جیهاندا بڵاو بووه.

نیشانه‌کانی نه‌خۆشیه‌که چیه؟

زانایان له‌و باوه‌ڕه‌دان که دوای ئه‌وه ڤایرۆسی سارس چووه نێو له‌شه‌وه، ره‌نگه تاکوو ١٠ رۆژ بخایه‌نێ که نیشانه‌کانی ده‌رکه‌وێ. نیشانه ناسراوه‌کانی ئه‌م نه‌خۆشیه له نیشانه‌کانی ئینفلۆنزا ده‌چن، وه‌ک یاو (تۆبه‌تێ) یێکی زۆر، سه‌رئێشه، گه‌روو ئێشه و کۆکه.

ئه‌و نه‌خۆشانه‌ی که له‌م دویانه‌دا سه‌ردانی ئه‌و وڵاتانه‌یان کردووه که نه‌خۆشی سارسیان تێدایه، یان دوو دڵن له‌وه‌ی پێوه‌ندیان له‌گه‌ڵ که‌سێکی تووش بووه‌وه هه‌بووه، ئه‌گه‌ر ئه‌و نیشانانه‌ی سه‌ره‌وه‌یان له خۆیاندا بینیه‌وه، ده‌بێ بڕۆنه لای دوکتۆر.

له سه‌ره‌تاوه راگه‌یه‌ندرابوو، که رێژه‌ی له ده‌ستچووان ٤% ه، یانێ له ١٠٠ که‌سی نه‌خۆش ٤ که‌سیان ده‌مرن، به‌ڵام چه‌ند رۆژ دواتر لێکۆڵینه‌وه‌کان پیشانیان دا که له ده‌ستچووانی ئه‌م نه‌خۆشی یه له نه‌خۆشخانه‌کاندا بۆ لاوه‌کان له ٧ تا ١٣ له سه‌ددا و بۆ که‌سانی ته‌مه‌ن له ٦٠ ساڵ گه‌وره‌تریش له سه‌ددا ٥٠یه. هه‌رجۆرێک بێ ئه‌م رێژه به چاوه‌دێری باشتری له‌شساغی ده‌توانددرێ جیاواز بێ.

ئایا ده‌رمان یان ڤاکسینێک بۆ ئه‌م نه‌خۆشیه هه‌یه؟

نه‌خۆشی سارس ڤاکسینی نیه، هه‌روه‌ها چاره‌سه‌ری یه‌کی تایبه‌تیی دژه ڤایروسیش بۆ سارس نیه. سه‌ره‌ڕای ئه‌مه‌ش له‌وه ده‌چێ که تێکه‌ڵاوێک له ئانتی بیۆتیک و دژه ڤایروس بتوانێ له سه‌ره‌تای تووش بوون به سارسه‌وه باش بێ. له هێندێک شوێندا سارس ده‌بێته هۆی په‌رمینی سییه‌کان (کۆئه‌ندامی هه‌ناسه‌کێشان) و نه‌خۆشه‌که ناتوانێ هه‌ناسه بکێشێ، هه‌ربۆیه هێندێک له نه‌خۆشه‌کان پێویستیان به هه‌ناسه‌ی ده‌ستکرد له نه‌خۆشخانه‌کاندا هه‌یه.

هۆی چڵک کردنه‌ی کۆئه‌ندامی هه‌ناسه کێشان چیه؟

زانایانی ئەم بوارە لەو باوەڕەدان کە هۆیەکەیان دۆزیەتەوە. ئەم زانایانە لە ''ناوەندی کونترۆڵی نەخۆشیەکانی ئامریکا''لەو باوەڕەدان کە ڤایروسی ''کورونا'' (Corona) دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشیە و ئەم ڤایروسەش یەکێکە لە ئەندامانی بنەماڵەی ڤایروسەکانی هەلامەت.

ڕێکخراوی لەش ساغی جیهانی لەو باوەڕەدایە کە ئەم ڤایروسە جۆرێکی ''جهشی'' (کوتوپڕ) یە لە ڤایروسەکانی هەلامەت کە بۆ مرۆڤ زۆر مەترسی دارە. دەسەلاتدارانی لەش ساغی بەتایبەتی ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە ژمارەیەک لە لاوەکان کوتوپڕ تووشی سارس بن.

زۆربەی لە دەستچووانی ئەم نەخۆشیە، بەساڵدا چووەکانن، بەلام سارس گیانی لە کابرایەکی ٣٧ ساڵەی هونگ کۆنگی و دوو کەسی نزیکە ٥٥ ساڵەش ئەستاندووە.

ڕێگای تووش بوونی ئەم نەخۆشییە چیە؟

ئەم نەخۆشیە بە هۆی مەوادی ئاوەکی لەشەوە کە بە ڕێگای پژمین و کۆکە کردنەوە بلاو دەبێنەوە، تووشی خەڵکی تر دەبێ.

لە ڕاگەیاندراوێکی فەرمی دا کە لەسەر بلاو بوونەوە سارس لە ناوچەیەکی پڕدانیشتووی هونگ کۆنگ دا بلاو کرایەوە، وترابوو کە ڤایروسی ئەم نەخۆشیە لە ڕێگای لولەی ئاوەڕۆکانەوە بە نێوا خەڵکەکەدا بلاو بووەتەوە.

سازمانی لەش ساغی جیهانی تووش بوونی ئەم نەخۆشیە لە ڕێگای دەست لە شتومەک دانی کەسێکی نەخۆشەوە ڕەد دەکاتەوە.

دەوڵەتی هونگ کونگ داوای لە خەڵک کردووە کە خۆیان لە شوێنی قەرەباڵغ و پڕهاتووچۆ بپارێزن.

شایانی باسە کە ڤایروسی ئەم نەخۆشیە بە هۆی مسافرانی هەواییەوە گەیشتە ئامریکا و ئوروپا. بەم حاڵەش، ڕێکخراوی لەش ساغی جیهانی دەڵێ ئەو کەسانەی کە دوو ڕیز لەولاتری کەسانی تووش بووەوە دانیشتوون، جیگاکەیان زۆر مەترسیدا بووە.

ڕێگای خۆ پاراستن لە تووش بوون چیە؟

هێندێک لە خەڵکی ڕۆژهەلاتی ئاسیا ماسک دەکەنە دەم و لووتیان، بەلام هێشتا بە تەواوی نەزانراوە کە ئەم ماسکانە چ باشییەکیان لە بەرامبەر تووشنەبوونی لەش بە ئەم ڤایروسەوە هەیە.

ڤایروس ناسی کالیجی کوئیترمری لە شاری لەندەن، پرۆفسۆر جان ئوکسفۆرد بە بی بی سی وت: ''مرۆڤ شتێکی لە دەست نایە بیکا بۆ ئەوەی تووش نەبێ، مەگەر بڕوا بە تەنیا بژی. ''

کارناسان، دوڵەتەکان و هێڵەکانی هەوایی بۆ ئەوەی بەرگری لە بلاو بوونەوەی ئەم نەخۆشییە بگرن دەبێ چی بکەن؟

بانگەوازی ڕێکخراوی لەش ساغی جیهانی جموجۆڵێکی زۆری لە سەر ئەم نەخۆشییە خستووەتە نێوە کارناسانی لەش ساغی دەیان ولات. داوا لە کارناسەکان کراوە کە ئاگایان لەو کەسانە بێ کە تازەیی تووش بوون، بەتایبەتی ئەو نەخۆشانەی کە لە دەرەوە دەگەڕێنەوە و لە زووترین کاتیشدا ناوەندە گشتیەکانی لەش ساغی ئاگادار بکەنەوە بۆ ئەوەی هەرچێ زووتر بەر بە بلاو بوونەوەی بگیرێ. هەروەها داوا لە هێڵە هەواییەکان کراوە کە لە کاتی سوار بوونی مسافرەکاندا ئاگایان لێ بێ و چاو بگێرن بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک وەک نەخۆش دێتە بەرچاو پێشی پێ بگرن. بێجگە لەمەش داوایان لێ کراوە کە دەبێ فرۆکەکانیشیان خاوین بشۆن (زد عفونی بکەن) بۆ ئەوەی ئەم ڤایروسە بلاو نەبێتەوە.

داواش لە کارگێرانی نەخۆشخانەکان کراوە کە دەبێ لەوپەڕی هوشیاریدا ئاگایان لە بەرگری لەم ڤایروسە بێ.

٢٠٠٣/٥/١٦